# خراپ بەکارهێنانی مۆبایل ڕۆژ بەڕۆژ لە زیاد بوون دایە



ئا: مەلا تەیب زیارەتی ———— taybzyarati@gmail.com

دیارە مۆبایل ئەو ئامێرە خزمەت گوزارییە، کە خەڵك لەدوورو نزیك، گەورەو بچوك ڕۆژانە سودێکی یەکجار زۆری لێدەبینن‌و، کارەکانیان بۆ ئاسان دەکات‌و زۆر جاران خەرجیەکی ماددی هاوڵاتییانی کەم دەکاتەوە، بەڵام نکۆلیش لەوە ناکرێت کە زۆرجار هاوڵاتییان وەکو پێویست نرخی ئەم خزمەتگوزاریە نازانن‌و بەڕێگای خراپ بەکاری دەهێنن، ئەمەش لەئەنجامدا دەبێتە مایەی تێکچوونی شیرازەی خێزان‌و کێشەو گرفتێکی یەکجار زۆر، کە بێگومان ئەوکات کۆمەڵگا بەرەو ئاقارێکی خراپ گوزەر دەکات، بۆیە ئێمەش لەڕۆژنامەی (پەیام) بەپێویستمان زانی بەدواداچوونێك بۆ ئەم دیاردە بکەین‌و گشت ڕێگا خراپەکان ئاماژە پێبکەین‌و بیان خەینە بەردەستی لایەنی پەیوەندار بەئومێدی چارەسەرکردنی، کە ئەوکات دەتوانین زیاتر سوود لەو تەکنولۆژیایە وەربگرین‌و، کێشەکانیش کەم دەبنەوە، لەهەمان کاتیشدا دەبێتە مایەی خۆشحاڵی گشت هاوڵاتییان:

ئافرەتێك گوتی: نزیکەی دوو ساڵە ژمارەیەکی نەناسراوم بۆ دێت قسەی زۆر ناشیرینیشم پێ دەڵێت‌و منی زۆر بێزار کردووە، منیش ناتوانم بە هاوسەرەکەم بڵێم، چونکە دەزانم کێشەی زۆرم بۆ دروست دەبێت، چەندین جاریش سەردانی ئەم کۆمپانیایەم کردووە کەچی وەکو پێویست وەڵامیان نەداومەتەوە بۆیە منیش ناچارم زۆر جار مۆبایلم دابخەم.

## کچێك: وام لێهاتووە مۆبایل بەکار نەهێنم

کچێك گوتی: بەڕاستی وام لێهاتوە لەژیانم مۆبایل بەکارنەهێنم، چونکە خەڵکی ئەوەندە نەفس نزم هەیە هەر کەزانی ئافرەتی وازت لێ ناهێنێت، من یەکجار ژمارەکم بۆ هات هەڵم گرت کە زانی من کچم ئیتر وازی نەهێنا تاناچاربووم ژمارەکەم فرۆشت، کەمێك کێشەشم لەماڵەوە بۆ دروست بوو، بەڵام سوپاس بۆ خودا چارەسەرکرا، بۆیە بەو کەسانە دەڵێم ئایا ئەگەر کەسێك تەلەفۆن بۆ ئەندامەکی ماڵی ئەوان بکات چی دەکەن! دەبێ بزانن کە خەڵکیش بەهەمان شێوە خاوەن ئابڕوە.

## جاری واهەیە ئافرەتیش تەلەفۆن بۆ پیاو دەکەن بەمەبەستی کاری بەدڕەوشتی

ئەمە نەك کوڕان کچان بێزار دەکەن، بگرە جاری واش هەیە ئافرەتی خراپیش ئەم ڕێگایە دەگرنەبەر، تەلەفۆن بۆ پیاو دەکەن، بەمەبەستی کاری بەدڕەوشتی‌و لەش فرۆشی، چەند پیاوێك پەیوەندیان پێوە کراوە داوایان لێکراوە بۆ ئەم کارە، ئەوانیش داوای لێبوردنیان کردووە.

لەڕووی یاساییەوەش ئەو کارانە بەتاوان‌و سەرپێچی دادەندرێت‌و لەبەرامبەردا سزای یاساییان بۆ داندراوە، هەروەك لەژمارەی ڕابردووی (پەیام) بەڕێز د.ئەحمەد وەرتی ئەندامی لیژنەی کاروباری یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان لەڕووی یاساییەوە لەپڕۆژەی پەرلەمان سەبارەت بەو حاڵەتانە گوتی:

یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠٠٨) تایبەت بە قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوندیکردن لە هەرێمی کوردستان، وێڕای ئەوەی کە قسەکردنی تەلەفۆنی‌و پەیوەندییەکانی پۆستەیی‌و ئەلیکترۆنی لەکاروبارە تایبەتەکان حساب کردووە کە نابێ ڕێزو حورمەتیان بشکێنرێ، لەماددەی (٢)دا سزای بەندکردن (حبس)ی داناوە کە لەشەش مانگ کەمتر نەبێت‌و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێت‌و بەغەرامەیەکیش سزادەدرێت کە لەیەك ملیۆن دینار کەمتر نەبێت.

بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیمان بە هەریەك لەکۆمپانیاکانی (کۆڕەك‌و مۆبیتێل‌و ئاسیاسێل) کرد، چەندین جار قسەمان لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمپانیای کۆڕەك کرد، وەڵامی نەداینەوە چونکە لەدەرەوە بوو.

## کۆمپانیای مۆبیتێل: بە پێی یاسا هەڵوێست لەو کەسانە وەردەگرین

(دانا احمد سلێمان) بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی کۆمپانیای مۆبیتێل لەو بارەوە گوتی: ئەگەر ژمارەیەك چەند داواکاریەکی یاسایی لەسەر تۆمار کرا بێ لەڕێگای مەحکەمەوە ئێمە بە تەئکیدی تەماشای داوای یاسایەکە دەکەین ئەوکات تەحویلی هۆبەی قانونی خۆمانی دەکەین، ئەوان ڕەئی لەسەر دەدەن ئینجا کاری یاسایی لەگەڵ دەکرێت‌و بەپێی یاساش هەڵوێست وەردەگرین، ئەگەر پێویست بە ڕاگیران بکات، ژمارەکە ڕادەگرین، بەڵام ئەگەر خەڵکێك بەس بڵێت ئەو ژمارە بێزارم دەکات‌و بەس شەفەوی بێت، ئەوە جیاوازیەکی هەیە، ئەوەی کە تۆش باسی دەکەی ئافرەت بەخۆی بەپیاو بڵێت، تائێستا شتی وا ڕووی نەداوە لە کۆمپانیەکەمان گرنگ ئەوەیە ئەوەی کە بێزار دەکرێت، کە هاتە لای ئێمە پێویستە داوای یاسایی لەگەڵ خۆیان بهێنن ئێمەش ئەوکات بەڕەسمی‌و بەپێی بەرنامەی کۆمپانیای خۆمان وەڵامی دەدەینەوە بەپێی یاساییەکە مامەڵە دەکەین.

عومەر فالح لەڕاگەیاندنی کۆمپانیای ئاسیاسێل لەو بارەوە گوتی: خزمەتگوزاریی بای بای (بۆ ڕاگرتنی پەیوەندی‌و SMS ی نەخوازراو): خزمەتگوزاریی بای بای دەرفەتی ئەوە دەداتە هەموو بەشداربووان کە پەیوەندی‌و کورتە نامە نەخوازراوەکانیان بلۆك بکەن. بەهۆی خزمەتگوزاریی (بای بای)ەوە، بەشداربووانی ئاسیاسێڵ دەتوانن تا ٥ ژمارە ڕاگرن لەوەی کە نەتوانن چی تر پەیوەندی بکەن‌و SMS بنێرن بۆی.

## ئاسیاسێڵ: تەنهاو تەنها بەفەرمانی دادگا مامەڵە لەگەڵ ئەو هێڵانە دەکەین

بۆ کاراکردنی ئەم خزمەتگوزارییە دەبێت بەشدار بوو ژمارە ٦٦٦ لێبدات‌و ڕێنماییەکان پەیڕەو بکات. لەبارەی پەنا بردنە بەر ڕێوشوێنی یاسایش ناوبراو گوتی: بەشدار بوو دەچێتە نزیکترین بنکەی پۆلیس‌و داوای یاسایی لە دژی ئەو ژمارەیە تۆمار دەکات، کە هەراسانی دەکات. هەتا ئێرە ئەرکی بەشدار بووە لێرە بەدواوە داواکەی بە پرۆسەیەکی یاساییدا دەڕوات تا دەگاتە دادگا. ئەوە فەرمانی دادگایە، کە چارەنووسی ئەو کەسەی، کە داواکەی لە دژ تۆمار کراوەو بۆتە مایەی هەراسان کردنەکە دیاری دەکات. لەم بارەدا ئاسیاسێڵ تەنهاو تەنها بەفەرمانی دادگا مامەڵە لەگەڵ ئەو هێڵەدا دەکات واتە ئەگەر دادگا فەرمانی دەرکرد بەبڕینی هێڵی مۆبایلی ئەو کەسە ئەوا ئاسیاسێڵ دەستبەجێ ئەو فەرمانە جێبەجێ دەکات‌و ئاسیاسێڵ بەبێ فەرمانی دادگا هیچ کارێك ئەنجام نادات. کەواتە ئاسیاسێڵ هیچ پەیوەندی نییە بە سزادان یان هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر هیچ بەشداربوویەك بەڵکو دادگا ئەو کارە دەکات‌و ئاسیاسێڵیش لەم بارەیەوە جێبەجێکاری فەرمانی دادگایە واتە خۆ بەخۆ ئاسیاسێڵ هێڵی کەس نابڕێت‌و دژی کەس هەڵوێست وەرناگرێت مەگەر بەفەرمانی دادگا نەبێت.

# مامەڵەکانی دڵنیایی جۆرەکانی دڵنیایی بازرگانی (التأمین التجاري)



مەلا حسن محمد پشدەری*

## بەشی دووەم

ئەم جۆرە لەدڵنیایی لەڕووی بابەتی (موضوعی)یەوە دەکرێ بەدوو جۆرەوە:

١ - (تأمين الاضرار): دڵنیایی لەسەر ئەو زەرەرو زیانانە دەگرێتەوە کە ڕوو دەکەنە کەسی دڵنیاویست، کە ئەمیش ئەم جۆرانە لە خۆ دەگرێ:

أ - (تأمين المسؤولية) دڵنیایی لەسەر بەرپرسیارەتی کە بریتیە لە: دڵنیایی بۆ دڵنیاویست لەسەر بەرپرسیارەتی کردنی ژیان‌و زیانەکانی کەسانێك کە ئەو بەرپرسیار دەبێ لە زەرەریان، وەك دڵنیایی ڕووداوەکانی سەیارەو کارگەکان... هتد

ب - دڵنیایی لەسەر شتەکان (التأمين على الأشياء) کە بریتیە لە: بەرپرسیارەتی لەسەر ئەو زەرەرانەی توشی دڵنیاویست دەبێ لەماڵ‌و مامەڵەکەی، یان کشتوکاڵی، بەهۆی دزی یان سوتان یان لافاو... هتد.

٢ - دڵنیایی کەسەکان (تأمين الأشخاص) ئەمیش دوو جۆری هەیە:

أ - دڵنیایی لەسەر ژیان (التأمين على الحياة) کە بریتە لە پابەندبوونی کۆمپانیای دڵنیایی بەبەخشینی ئەندازەیەکی دیاریکراو لەماڵ بەدڵنیاویست، یان میراتگرەکانی، لەکاتی مردن یان پیر بوون یان نەخۆشی، بەرامبەر بە قیستێکی مانگانە یان ساڵانە کە لەدڵنیاویست وەری دەگرێ... پاشان زیاتر درێژەی پێ دەدەین.

ب - دڵنیایی لەسەر ڕووداوە لاشەییەکان (التأمين على الحوادث الجسمانية) ئەمیش بریتیە لە: پابەندبوونی کۆمپانیای دڵنیایی بەپێدانی ئەندازەیەکی دیاریکراو بە دڵنیاویست لەکاتی توشبوونی بە ڕووداوێك لە ئەندامەکانیدا(١)..

## ڕای زانایان لەبارەی دڵنیایی بازرگانی و بەڵگەکانیان

### ڕای یەکەم‌و بەڵگەکانیان:

زۆربەی زانایانی کۆن‌و نوێ‌و کۆمکارە فیقهییەکان لەوڵاتانی ئیسلامی وەك (أبن عابیدینی حەنەفی(٢)و شێخ محمد رشید رضا(٣)و شێخ محمد أبو زەهرة(٤)و محمد بخیت المتیعي(٥)و محمد نجیب المتیعي موفتی پێشووی میسرو شیخ عبداللە قلقیلی موفتی ئەردەنی پێشوو و شێخ محمد أبو الیسر عابدین موفتی سوریای پێشوو و شێخ عبدالكریم زیدان(٧)،و مەجمەعی فیقهی ئیسلامی سەر بە ڕابگەی عالەمی ئیسلامی(٨)و دەستەی گەورە زانایانی سعودیە(٩)و کومکاری فیقهی ئیسلامی دەولی کە سەربەڕێکخراوی موئتەمەری ئیسلامییە(١٠)و زۆرێك لەدەستەو کومکارە فیقهیەکانی دیکە)و زۆریك لەزانایانی سەردەم کۆن لەسەر ئەوەی کە ئەم جۆرە مامەڵەیە حەرامەو بەهەموو شێوەو جۆرەکانییەوەو نابێ ئەنجام بدرێ.

### وەئەمەش بەڵگەکانیانە

١ - ئەم مامەڵەیە فێڵ‌و ترسناکی (غرر)ی زۆری تێدایە لەبەر ئەوەی نە دڵنیاویست‌و نە کۆمپانیای دڵنیایی نازانێ چەندە پارە دەدات‌و چەندە وەردەگرێ، چونکە لەوانەیە ئەو زەرەرەی کە کۆمپانیاکە دەیژمێرێتەوە بۆ دڵنیاویست زۆر زیاتر بیت لەو قیستانەی کە لەو ماوەی دیاریان کردووە دەبێ دڵنیاویست بیدا، وە بەپێچەوانەشەوە لەوانەیە دڵنیاویست لەو ماوەیەی کە دیاریکراوە بۆ مامەڵەکە هیچ زیانێکی بەرنەکەوێ‌و، ئەوکات کۆمپانیا قازانجێکی زۆر دەکات‌و دڵنیاویست زۆر زەرەر دەکات بەهۆی ئەوەی ئەو هەموو قیستە پارەی کە داویەتی دەڕوات‌و دەبێتە هی کۆمپانیا وە پێغەمبەریش(ﷺ) نەهی کردووە لە مامەڵەیەك کە فێڵ‌و ترسناکی (غەرەر)ی تیدابێ(١١).

٢ - جۆرێکە لەقومارکردن‌و خوای گەورەش لەبارەی قومارەوە دەفەرموێ ﴿يا أيها الذين آمنوا إنما الخمر والميسر والأنصاب والأزلام رجس من عمل الشيطان فاجتنبوه لعلكم تفلحون﴾ (المائدة آية:٩٠) چونکە قومار دوو ڕوکنی سەرەکی تێدایە ترسناکی یاری کردن بەبەخت، هەردوو ئەم ڕوکنە لەمامەڵەی دڵنیایی بازرگانی بەدی دەکرێن، چونکە قومارکەر بە هاوڕێکەی دەڵێ ئەم ئیشە بکە یان ئەو زارە هەڵدە ئەگەر ئەوەت بۆ دەرچوو ئەوەندە پارەیەت دەدەمێ دەنا دەبێ تۆ ئەوەندە پارەیەم بدەیتێ. هەرواش کۆمپانیا بەدڵنیاویست دەڵێ مانگانە ئەوەندەم بدەرێ ئەگەر ڕووداوێکت بەسەرهات ئەوا بۆت دەژمێرمەوە ئەگەرنا هەموو ئەو پارەی مانگانەی لێم وەرگرتووی بۆ خۆم. کەواتە هەروەك قومار هەردووکیان بەپارەیەکی دیاریکراو چاوەڕوانی بەخت‌و قازانجێکی زۆر دەکەن.

٣ - ئەم مامەڵەیە (ریبا)ی دەکەوێتە ناو بە هەردوو جۆرەکانییەوە سوی زێدەیی‌و سوی قەرز (ربا الفضل وربا النساء) لەبەر ئەوەی ئەگەر کۆمپانیا زیاتر یان کەمتر پارەی دایەوە بە دڵنیاویست کاتێك کە زەرەرێکی لێکەوت ئەوە دەبێتە سوی زێدەیی (ربا الفضل) وە لەبەر ئەوەی پاش ماوەیەك ئەو پارەیەی دەداتەوەوئەگەر زەرەری لێکەوت دەست بەدەست نییە وپاش ماوەیەك دەیداتەوە بۆیە دەبێتە سوی قەرز (ربا النساءْ) هەتا ئەگەر ڕێژەی ئەو پارەیەی کە کۆمپانیا دەیداتەوە بە دڵنیاویست لەگەڵ ئەو قیستانەی کەدڵنیاویست داویەتی وەك یەکیش بیت هەر دەبێتە (ربا النساء).

٤ - خواردنی ماڵی خەڵکە بەبەتاڵ‌و بێ بەرامبەر وە خوای گەورەش دەفەرموێ ﴿ولا تأكلوا أموالكم بينكم بالباطل﴾ (البقرة : ١٨٨).

## ڕای دووهەم‌و بەڵگەکانیان:

کۆمەڵێکی کەم لەزانایان پێیان وایە ئەم مامەڵەیە دروستەو هیچ بەڵگەیەکی قەتعی‌و دڵنیاکەریشیان نییە لەسەر حەرام بوونی دیارترینی ئەو زانایانەش ئەمانەن: شێخ مصطفی الزرقا(١٢)و شێخ علي الخفیف(١٣)و شیخ عبدالوهاب خلاف(١٤)و شیخ (عبدالله المنیع) ئەندامی دەستەی گەورە زانایانی سعودیە (١٥)و هەندێك لە زانایانی تری سەردەم...

وەئەم بەڵگانەی خوارەوەشیان هێناوەتەوە بۆ دروستبوونی ئەم مامەڵەیە:

١ - ئەصل لەهەموو مامەڵەیەکدا دروستیە (الإباحە) مەگەر دەقێکی قورئان‌و فەرموودە هەبێت بەدروستی نەزانێ، ئەم مامەڵەیەش لەهیچ فەرموودەیەکدا نەهی لێ نەکراوەو، بەڵکو ئەم مامەڵەیە جۆرێکە لەهاوکاری کردنی یەك بەوەی هەموو بەشداربووانی مامەڵەکە هاوکاری یەکدی دەکەن بۆ دابەشکردنی زیانەکانیان، ئەگەرچی بەڕاستەوخۆش نەبێ خۆ بەناڕاستەوخۆ هەر وای لێدێتەوە، کە بەهەموویان زەرەرەکە دابەش دەکەن، هاوکاری کردنی یەکتریش شتێکی فەرمانپێکراوە لەشەریعەتدا.

٢ - ئەم جۆرە مامەڵەیە مەصلەحەتی تێدایە مەصلەحەتیش بەڵگەی حەڵاڵ بوونە، چونکە دڵنیاویست بەدڵنیاییەوە مامەڵەو ئیش‌و کارەکانی ئەنجام دەدات‌و ناترسی لە زەرەر، چونکە لەکاتی زەرەرکردن کۆمپانیا زەرەرەکە بۆ دەژمێرێتەوە.

٣ - ئەم مامەڵەیە بۆتە سەروەتێکی زۆر گرنگ لەناو کۆمەڵ‌و بۆتە نەریتێکی (عرف) بازرگانانی جیهانی‌و بازرگانی موسڵمان ناتوانێ خۆی لێ بپارێزێ.

٤ - ئەم مامەڵەیە هاوشێوەو بنەمای هەیە قیاس بکرێتە سەری لەشەریعەتدا وەك یاسای(عقل) کاتێك کەسێ بە هەڵە کەسێکی لەدەست دەکوژرێ، شەرع خوێنەکەی دەخاتە سەر شانی هەموو خزمەکانی‌و بەهەموو لایەك خوێنی کوژراوەکە دەدەن‌و بارگرانی لەسەر بکوژەکە دروست نابێت.

## وەڵام بۆ ئەم بەڵگانە :

ئەو زانایانەی کە پێیان حەرامە بەم شێوەیە وەڵامی ئەم بەڵگانە دەدەنەوە:

١ - بەڵگەی یەکەم وتیان ئەصل وایە هەموو مامەڵەکان حەڵاڵ بن مەگەر دەقیك هەبی مانای بەڵگەیان بە (إستصحاب - الإباحة ألاصلية) هێنایەوە، ئەمیش لێرە نابێتە بەڵگە لەبەرئەوەی ئەم مامەڵەیە دەقەکان هاتوون لەسەر حەرامکردنی چونکە وەك باسکرا ئەم مامەڵەیە رباو غەرەری تێدایە.

٢ - بەبەڵگە هێنانەوەبە (مصلحة) ناگونجێ بۆ ئێرە، چونکە مصلحە لەشەریعەتی ئیسلامدا سێ جۆرە:

- جۆرێکیان شەرع بڕیاری دروستی بۆ دراوە ئەم جۆرە دەبێتە بەڵگە.

- جۆرێکیان شەرع بڕیاری دروست نەبوی بۆ داوە ئەم جۆرە نابێتە بەڵگە.

- جۆرێکیان شەرع بڕیاری دروست بوون یان دروست نەبوونی بۆ نەداوە لێی گەڕاوە بۆ موجتەهیدەکان کە بەپێی کات‌و شوێن بڕیاری لەسەر بدەن.

وەزانایان چەن شەرتێکیان بۆ بەڵگەبوونی مەصلەحە داناوە لەوانە:

١ - پێچەوانەی دەقێکی قورئان یان فەرموودە نەبێ.

٢ - مەصلەحەتێکی گشتی بێ بۆ خەڵك‌و تایبەت نەبێ بەکەسێ یان بە گروپێ.

٣ - مەصلەحەتێکی ڕاستەقینە بێ‌و خەیاڵی نەبێ.

٤ - ئەو مەصلەحەتە بۆ پارێزگاری کردن بێ لەیەکێك پێنچ مەبەستە زەروریەکانی شەرع کە کۆمەڵگاو ژیان بەبێ ئەو ڕاناوەستێ (دین - عەقڵ - وەچەو نسل - ماڵ - نەفس).

وەهەندێك لەم شەرتانە لە مامەڵەی دڵنیایی بازرگانی نایەنەدی‌و، هەروەها شەرع ئەو مەصلەحەتەی کە بەدی دەکرێ لەو مامەڵەیە ڕەتکردۆتەوە لەبەر بوونی ربا و غەرەرو... هتد

کەواتە مەصلەحەت لێرە نابێتە بەڵگە.

٣ - وەڵامی بەڵگەی سێهەم بەوە دەدەنەوە دەڵێن دروست نییە لێرە بەڵگەبە (نەریت، عرف) بهێنیتەوە چونکە هەر لەمەرجەکانی (عرف)ە کە نابێ پێچەوانی دەقێك لەدەقەکانی قورئان‌و فەرموودەکانی پێغەمبەری(ﷺ)و ئەم مامەڵەیەش وەك وتمان پێچەوانەی ئایەت‌و فەرموودەکانەو ریباو غەرەری ناشەرعی تیدایە وە هەروەها هیچ زەرورەتێکی شەرعی واش نییە لەم جۆرە مامەڵەیەدا، چونکە هیچ یەك مەبەستە زەرۆزیەکان لەسەر ئەم مامەڵەیە ڕانەوەستاوە.

٤ - وەڵامی بەڵگەی چوارەم بەوە دەدەنەوە دەڵێن: قیاس کردنی ئەم مامەلایە بۆ سەر یاسای عەقل قیاسێکی تەواو نییە وەك زانایانی اصول دەڵێن (قياس مع الفارق) لەبەر ئەوەی یاسای (عقل) هەڵگرتنی بارگرانی مرۆڤێکە لەلایەن کۆمەڵێك خزمی نزیکیەوە بەبێ بەرامبەر، بەڵام مامەڵەکانی دڵنیایی مامەڵەی بەرامبەرین‌و مەبەست هاوکاری یەکتری نییە بەڵکو قازانجە لەسەر حسابی یەکتری‌و پەیوەندی بەخزمایەتی‌و سۆزو عاتفەوەنییە.

کەواتە دوای تاوتوێ‌و گفتوگۆ کردنی بەڵگەکانی ئەو زانا بەڕێزانە کە فەرمویانە ئەم مامەڵەیە حەرامەو وەڵام دانەوەی ئەوانەی بەدروستیان دانا بۆمان دەردەکەوێ فەرموودەی ئەوانە تەواوترە کە دەفەرموون ئەم مامەڵەیە حەرامە (والله اعلم).

(١) موسوعة الفقه الاسلامي المعاصر د. وهبة زحيلي (٣/٢١٦).
(٢) مجموعة رسائل أبن عابيدين (٢/١٧٥).
(٣) فتاوى المنابر (٤/١٦٤)، (٣/٩٦٤).
(٤) بڕوانە: نظام التأمين للزرقا (ص:٦٧).
(٥) حكم التامين في الإسلام عبدالله ناصح علوان (ص: ٩).
(٦) المجموع شرح المهذب، (٣١/١٠٢).
(٧) بڕوانە سایتی:
http://www.jameataleman.org
. http://www.islamtoday.net
(٨) لە بەرواری (٤/٤/١٤٩٩).
(٩) قرار مجلس هيئة كبار العلماء في المملكة العربية السعودية رقم ٥ بتاريخ ٤/٤/١٣٩٧.
(١٠) لە بەرواری (١٦/٤/١٤٠٦).
(١١) بڕوانە صەحیحی مسلم، باب بطلان بيع الحصاة والبيع الذي فيه غرر، برقم: (١٥١٣).
(١٢) نظام التأمين للزرقا (ص: ٥٧).
(١٣) بڕوانە: المجوع شرح المهذب (٣١/٨٤).
(١٤) بڕوانە: التأمين د. غريب الجمال (ص:٢٠٢) لەڕێگەی سایتی
http://www.islamtoday.net
(١٥) بڕوانە سایتی:
http://www.olamaashareah.net

* پێشنوێژو وتارخوین لەمزگەوتی نەوزاد شاکر قازی لەناحیەی دارەتوو

# حەج بەگەنجی یان بەپیری؟



مەلا ئەحمەدی قامیشی

حەج کە پایەی پێنجەمی ئیسلامەو لەتەمەندا یەك جار پێویست کراوە بۆ کەسانێ توانایان ببێ، لێرەو لەوێ دەبیستین خەڵکانێك دەڵێن: تاپیر نەبین ناچین بۆ حەج، حەج بۆ تەمەنی پیری چاکەو بەگەنجی پێمان ڕاناگیرێ! ئەوە بیرۆکەیەکی هەڵەیەو پلانێکی گوماناویەو لەگەڵ حیکمەتو فەلسەفەی حەج پێچەوانەیەو دروستکراوە بۆ دوورخستنەوەی گەنجەکان لەبنەمایەکی دینەکەیانو دابڕیان کەن لەجیهانی ئیسلامیو بێبەشیان کەن لەخێرو بێرەکانی ئەو کۆنگرە گەورەیەی موسڵمانان، گەر خوا بۆت بکات بەگەنجی حەج بکەی، چونکە تواناو دانایی گەنج زیاتر فەلسەفەی حەج دەخوێنێتەوەو لەمەبەستەکانی دەگات وەك: یەکریزیو یەکپارچەییو برایەتیو یەکتر ناسینی موسڵمانانو بینینی دیمەنەکانی قیامەتو بیرکردنەوە لەسەردەمی دابەزینی وەحیو ئەركو خەباتی هاوەڵان لەپێناوی بانگەوازەکەیانداو، پاشان بیرکردنەوە لەبەڵێنو دەسەڵاتی خودا وەلەسەردەمی مەککەی ئەوسای وشکی بێئاوو مەککەی ئێستای پێشکەوتوی قەرەباڵغ کە جێگەی سەرنجی کەسانی ژیرە، دیارە ئەو سەفەرە ماندوو بوونیشی تێدایە لەکۆچو بار لەنێوانو تێلو خێوەتگاکاندا لەناو ئاپۆرەی ملیۆنی حاجیاندا، لەهەموو ئەمانەدا هێزو توانای گەنجانە پێویستە لەیارمەتی دانی نەخۆشو پیرو پەککەوتەکان، ئەمانە هەموی لەتوانای حاجی گەنج دایەو چێژی ئیمانی لێوەردەگرێ، وەك وتراوە (هەموو شت لەگەنج جوانە)، بەلاّم حەج بەپیری مایەی ناچاریە دەبێتە بار بەسەر ئەوانی ترەوەو خۆیشی لەبەر بێهێزیو نەخۆشی چێژی ئەوتۆ لەو سەفەرە گەورەو گرنگە نابینێ، وێنەی ئەوانە وەك ئەو کەسەیەکە ڕەزیلی دەکاتو سەروەت سامان کۆدەکاتەوە بۆ ڕۆژی تەنگانەو پێش ئەوەی هیچ تەنگانەیەك بێتە ڕێی بمرێو ماڵەکەی لەدەست بچێ، ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونە هەڵەیە بوو کە جاران ئەگەر یەکێ بەگەنجی بچوایە بۆ حەج بەلایانەوە سەیر بوو! پێیان دەگوت خۆت پیر کرد! یان جارێ گەنج بوی! کاتی حەجت نەبو!.. ئەوەی کە بەپیری دەچێ فەرزەکەی بەجێدێنێ بەلاّم سودمەند نابێ لەحیکمەتو فەلسەفەی حەجو تێی ناگاو سەرەنجام هیچ گۆڕانکاری بەسەر ڕەوشتەکانی دانایەت بەرەو چاکەو هەندێ جار دەبنە نمونەی خراپو خەتای حەجیش دەگرن! (لێرەدا مەبەستمان ئەو پیرە نییە کە (معضوب)ە، بۆیە هەوڵ بدەین بەگەنجی بچین تاپیلانی نەیاران پوچەڵ بکەینەوەو هاوکاری پیرو پەککەوتەکانیش بکەینو ماناو مەبەستەکانیشی بزانینو خێری زۆر کۆبکەینەوە بۆ دنیاو دوارۆژو ببینە گەنجی خوا ویستو تەوبەکار.

a_qamishi@yahoo.com

# زیارەتی ماڵی خودا لەژێر سێبەری قورئاندا

خیرالله مەلاحسن کاسکەیی

(واذن فی الناس با لحج یاتوك رجال وعلی کل ضامر یأتین من کل فج عمیق لیشهدوا منافع لهم ویذکروا إسم الله فی ایام معلومات علی مارزقهم من بهیمة الانعام فکلوا منها وأطعموا البائس الفقیر) (من٢٦ -٢٧ سوره حج).

واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بانگی خەڵك بکەو جاڕبدە لەناویاندا بابێن بۆ حەج. ئەوانیش بەپیادە دێن بەدوای بانگەوازەکەتەوە، یان بەسواری لەهەموو ڕێگایەکی دورەوە دێن بۆ ئەوەی سودو کەڵکی مادیو معنوی بەدەست بهێننو یادی خوداش بکەن، ناوی پیرۆزی بەردەوام لەسەر زاریان بێت، لەرۆژانێکی (لبیك اللهم لبیك لبیك لاشریك لك لبیك إن الحمد والنعمة لك والملك لاشریك لك) لەحەجدا (الله اکبر الله اکبر لا إله إلا الله والله اکبر الله اکبر ولله الحمد) لەرۆژی جەژندا فەرامۆش نەکەن، هەروەها ناوی خودا (بسم الله) بکەن، لەکاتی سەربڕینی ئەو ماڵاتانەدا کە پێمان بەخشیون، ئینجا لەگۆشتەکەی بخۆنو بەشی هەژارو نەدارانیشی لێبدەن، ئیبن عەباس ڕەزای خودای لێبێت دەفەرمووی: سودەکانی حەج دونیاو قیامەتین، دونیا بریتیە لەو بازرگانیو کڕینو فرۆشتنە، کە دەکرێ لەحەج کردندا، سودی قیامەتیش ڕەزامەندی خودایە، کە گەورەترین دەسکەوتی حەج کردنە، یەکێك لەپایەکانی ئیسلام بەجێهێنانی سەردانی ماڵی خوداو حەج کردنە، بێگومان جێبەجێ کردنی ئەم پایە گرنگەی ئیسلامیش شەیداو هۆگری ئەو جێگا پیرۆزەن، شایستەی خەڵاتی خوداو ڕێزلێنانی پەروەردیگارن، کەسێك وێل بێت بەدوای برسێتیو تینوێتیو ئەشکەنجەو ئازار هەموو ئەو کۆسپو لەمپەرانەی دێنە ڕێگای لە بەدەست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردیگار، بەبەشێك لەدینداریو لەخودا ترسانی دەزانێ بۆیە ڕێبوارانی ڕێگای خوداناسیو هۆگرانی ڕێبازی ڕاستیو ویستی هەرگیزاو هەرگیز کۆڵ نادەنو سارد نابنەوە لەسەر شاڕێگەی ئیسلامو قورئانو ئیحسان.

بەئاوڕدانەوە لەمێژوی پڕ سەروەری مککەی پیرۆزو مەدینەی خاوەن نور، بەجوانی ئەم ڕاستیەمان دەست دەکەوێ، کەوا هەموو کاتو ساتێك ئەم دوو جێگا پیرۆزە لانکەی ئاسودەیی موسڵمانانو جێگای دابەزینی ڕەحمەتی خودایی بوون، بۆیە هەموو ئەوانەی دەیانەوێ پێشبرکێ بکەن، لەگەورەکردنی چەند جێگاو شوێنێك لەبەرامبەر مەککەو مەدینەدا خەیاڵیان خاوەو خۆزگەو هیوایان بەتاڵەو ئاشیان ئاوی لێبڕاوە، هیچ کاتێك ناتوانن کارێك بکەن لەبەرامبەر کاری پەروەردیگار، بەئەندازەی باڵی مێشولەیەك سەنگی هەبێت، خوێنەری بەڕێز بەپێویستم زانی بەکورتیو بەزمانی شیرینی کوردی هەندێك لەسودو قازانجەکانی زیارەتی ماڵی خودا کە خۆی لەئەنجامدانی حەجدا دەبینێتەوە بیخەمە بەردیدی خوێنەرانی سەنگین، بەئومێدی سوود لێوەرگرتنو دوعای بەخێر سودو قازانجەکانی حەجیش بەکورتی ئەمانەی خوارەوەن:

١ - گەورەترین کۆبوونەوەی موسڵمانانە لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا، لەپیرۆزترین جیگاو شوێن لەسەر زەوی کە مەککەی لانکەی یەکەمین بانگەوازی ئیسلام بوو، ئەگەر تەماشا بکەین، دەبیبنین زۆرێك لەو بەندایەتیانەی کە خودای گەورە لەسەر موسڵمانانی فەرز کردوون، بەشێکی زۆریان بەکۆمەڵ ئەنجام دەدرێن، واتە خڕبوونەوەو کۆبوونەی موسڵمانان بەشێکە لەرێکو پێکی ئەنجامدانی ئەو جۆرە بەندایەتیانە، جاهەندێکیان رۆژانەیە وەکو ئەنجامدانی پێنج نوێژەکان لەشەوو رۆژدا کە تێیاندا موسڵمانان لەسەر تاسەری جیهانی ئیسلامی مزگەوتەکانی ماڵی خودای پەروەردیگار ئاوەدان دەکەنەوەو ئەم پێنج نوێژانەی تێدا ئەنجام دەدەن، هەیە لەسەر ئاستی هەفتەیەك کە نوێژو وتاری رۆژی جومعە زیاتر گرد بوونەوەو ئامادەبوونی تێدایە لەسەرجەم رۆژەکانی تری هەفتە، هەیە لەسەر ئاستی ساڵانە وەکو ئەنجامدانی فەریزەی حەجو زیارەتی ماڵی خودای پەروەردیگار کە تێیدا موسڵمانان لەسەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا ئامادەییان دەبێت، لەئەنجامدانی ئەم پایە گرنگە کە حەج کردنە لەئیسلامدا.

٢ - زیندوو کردنەوەی برایەتی نێوان موسڵمانان، وەپێشاندانی ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستی لەپێناوی پەروەردگار، بەجیاوازی زمانو کلتورو ڕەنگو دەنگو ئەو هەموو مەودا زۆرەی لەنێوانیاندا کەچی دڵیان زۆر لەیەك نزیکە لەژێر یەك ئاڵاو یەك چەتر کۆدەبنەوە کە ئیسلامە (انما المؤمنون اخوة).

٣ - کۆبوونەوەی هەزاران جۆری مرۆڤ لەنەژادو وڵات، لە پاڵ ماڵی خودا کە کەعبەیە نیشانەی بەهێزی ئەو ئاینەیە کە توانای کەمەند کێشکردنی مرۆڤی هەیە لەهەر شوێنێك بێت (واذن فی الناس) ئەوە ئاسەواری باوەڕمان پێنیشان دەدات کە چەندە بەهێزە.

٤ - یەکسانی نێوان مرۆڤەکان کە یەکێکە لە فەلسەفەو حیکمەتی حەج، ئەگر بێتو سەرنج بدەینە دیمەنی پڕ تامو چێژی ئەو کەرنەڤاڵە پڕ شکۆیە دەبینی کە هەر هەموو بەیەك بەرگو بەیەك ڕەنگو بەیەك دەنگ، لەیەك خودا دەپاڕێنەوەو یەك سرود دەڵێنەوە (لبیك اللهم لبیك لبیك لاشریك لك لبیك ان الحمد والنعمة لك والملك لاشریك لك)، جیاوازی نییە لەنێوان دەوڵەمەندو هەژار، عەرەبو عەجەم، ڕەشو سپی، سەرۆكو سەرباز، وەکو ئاماژەی پێکردوە (یا ایها الناس انا خلقناکم من ذکر وانثی وجعلناکم شعوباً وقبائل لتعارفوا ان اکرمکم عند الله اتقاکم).



٥ - بیرکردنەوەی یادەوەریەکانی پێغەمبەران ابراهیمو ئیسماعیل دروستکارانی بەیتو ژیان لەگەڵ ئازارو نارەحەتییەکانی ئەو سەردەمە کە چۆنو بەچ شێوازێك کەعبەی پیرۆزیان بنیادنا، وەیادەوەری پێغەمبەری سەرورمان (درودی خودای لەسەر بێت) کە چۆن دێتو بەردە ڕەشەکە ماچ دەکات، دوای چەندین ساڵ عومەری فاروق ڕوودەکاتە بەردە ڕەشەکەو دەفەرموێ: وەڵلاهی ئەگەر پێغەمبەر(درودی خودای لەسەربێت) ماچی نەکردبوای ماچم نەدەکردی.

کە ئەوە باشترین تێگیشتنو شوێن کەوتنە بۆ ئیسلامو پێغەمبەر(درودی خودای لەسەر بێت) وەهەروەها یادەوەری هاجەرەو ئیسماعیلی ڕۆڵەکەی کە چۆن لە کێوی صەفاوە بۆ کێوی مەڕوە ڕادەکاتو ئۆقرەی لێبڕاوە یادەوەری هاجەرەی شۆڕەژنو بەهەڵوێست جوانمان بۆدەردەکەوێت، لەکاتێکدا لەپێناوی پەیداکردنی ئاوی خواردنەوەدا بۆ کوڕە چاوگەشەکەی (ئیسماعیل)ی پێغەمبەر هاتوچۆی دەکرد. وە لەهەموو شوێنو جێگاکاندا کۆمەڵێك یادەوەری دێتەوە یادمان کە بەڕاستی جێگای خۆیەتی بەروحو لاشە تێکەڵ بین لەگەل شوێنەوارە دێرینو پیرۆزەکانی، وە لەکێوی عەرەفەدا ئەو وتارە پڕ لەوانەیە پێغەمبەرمان (درودی خودای لەسەر بێت) دێتەوە یاد کە لە حجە الوداع حەجی ماڵئاوایی ئاراستەی هاوەڵە بەڕێزەکانیو سەرجەم ئومەتی ئیسلامی کرد. کە لەبەشێکی وتارەکەیدا فەرموی (ایها الناس إن ربکم واحد، کلکم لادم وادم من تراب لافضل لعربی علی عجمی الا بالتقوی الا لاتعودوا بعدی کفارا یضرب بعضکم رقاب بعض) ئەم چەند دێرە لەوتاری پێغەمبەر (درودی خودای لەسەر بێت) لەحەجی ماڵئاوایدا بەڕاستی پڕۆژەی ڕێگای ئیسلامو کۆمەڵێك پێوەری گرنگی تێدا باس کردن، کە بوون بەبنەمای نەگۆڕو چەسپاو لەبیرو باوەڕی ئیسلامی، وەئەو پەڕی دڵسۆزی تێدایە، بۆ ئومەتەکەی کە ئاگاداریان دەکاتەوە بەوەی نەگەڕێنەوە سەر کوفرو هاوبەشی پەیداکردن، بۆ خودای گەورە بێهاوتا کە گەورەترین گوناهەو خودای گەورە لێی خۆش نابێت.

٦ - حەج کردن، دەبێتە مایەی پەروەردە بوونی موسلمانان لەسەر ناخۆشیو نارەحەتیو ئەشکەنجەو ئازار بێگومان ئەگەر تەماشای حەج بکەین کە چەندە نارەحەتی جەستەییو دەروونی تێدایە، هەر یەکێکیش لەم ناخۆشیو نارەحەتیانە دەبنە مایەی پالفتە کردنی مرۆڤی موسلمانو ئاراستەکردنی بەرەو ئارامگریو دان بەخۆداگرتنو تووڕە نەبوون، هەر یەکێکیش لەم ڕەوشتە بەرزانەی کە باسمان کردن، دەبێت ببنە دەرەنجامی ئەو حەجەی کە موسڵمان پارەی لەپێناودا سەرف دەکاتو شەونخونی پێوەدەبینێ ئەوەتا خودای گەورە دەفەرموێت (الحج اشهر معلومات فمن فرض فیهن الحج فلا رفث ولا فسوق ولاجدال فی الحج وماتفعلوا من خیر یعلمه الله وتزودوا فان خیر الزّاد التقّوی وتقّونِ یا أولی الألباب) البقرة ایة ١٩٧.

٧ - خەڵکی هەژارو کەم دەرامەتی مەککەو وڵاتی سعودیەو لێقەوماوانی وڵاتانی ئیسلامی لەمەڕاسیمی حەج کردندا زۆر سودمەند دەبنو قازانجی مادی زۆر دەکەن، ئەوەش کاریگەری دوعای پێغەمبەر ئیبڕاهیم (درودی خودای لەسەر بێت) کە خودای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا لەسەر زوبانی پێغەمبەر ئیبڕاهیم دەفەرموێت (ربنا انی اسکنت من ذریتی بواد غیری ذی زرع عند بیتك المحرم ربنا لیقیموا الصلاة فا جعل أفئدة من الناس تهوی إلیهم ورزقهم من الثمرات لعلهم یشکرون) ئەمەی باسمان کردن، کۆمەڵێك بوون لەو سودو قازانجانەی کە لەحەجدا دەستمان دەکەوێت بەئومێدی ئەوەی خودای گەورە حەجی حاجیانی ئومەتی ئیسلام قەبول بکاتو خێرو خۆشی بەسەر وڵاتی ئێمەو هەموو موسڵماناندا بڕێژێ.



# ئیسلام ناکۆك نییە لەگەڵ زانست

مەلا نەوزاد پیرۆمەری

ڕۆژ بەڕۆژ گەورەی ئیسلام بەدەردەکەوێتو، دەبێتە کارەکتەرێکی بەتوانای سەر شانۆی پێشکەوتنو شارستانی، بەمەش دەچێتە ناخی مرۆڤەکانو کەمەرکێشیان دەکات بۆ باوەشی پڕ سۆزو خۆشەویستیو بەختەوەری، تاکە هۆکاریش لەرۆژگاری ئەمرۆمان کە گەورەیو زیندووی ئیسلام دەردەخات، ئیعجازەکانی قورئانو سوننەتی پێغەمبەرمانە کە رۆژ بەڕۆژ لە تازەگەریو نوێبوونەوەدان. هەر ئەمەش وای کردووە رۆژانە چەندین کەس بێنە باوەشی ئیسلامو موسڵمان بن. یەکێك لەو ئایەتە ئیعجازیانەی کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ ئایەتی ١٤٢ سورەی فصلت کە خوای گەورە بەسەرهاتی حەزرەتی (یونس)مان بۆ دەگێڕێتەوە کاتێك لەبەر ئاژاوەو خراپەکاری گەلەکەی ڕادەکاو لەسەر لێواری دەریا یەکێك لەماسیە گەورەکان بەفەرمانی خوا قوتی دەداو دەیخاتە ناو هەناوی خۆی، وەك زانایانی تەفسیر دەڵێن: حەزرەتی یونس بۆ ماوەی ٤٠ چل رۆژ لەنێو سکی ماسیەکە دامایەوە.

هەروەك دەفەرموێت: (فالتقمه الحوت وهو ملیم) ئەم ئایەتە وای لەهەندێ لەزانایانی جیهانی حەیوانات کرد، کە توێژینەوەی ورد لەسەر ئەو جۆرە ماسیە بکەن لەئەنجامدا گەیشتنە ئەو ڕاستیەی کە بەڵێ هەندێ لەوجۆرە ماسیە زەبەللاحانە بەهۆی هەبوونی غازی ئۆکسجین دەتوانن بۆ ماوەیەك مرۆڤ لەنێو هەناویاندا حەشار بدەن بێ ئەوەی زیان بەمرۆڤەکە بگات. ئەمەشیان بووە واقیعێكو ڕووداوێکی بەرچاو کە لەساڵی ١٨٩١ز لەدەریاچەکانی( فوکلاند) هەندێ لەڕاوچییەکان ویستیان ماسییێك لەو جۆرە ماسیانە ڕاوبکەن یەکێك لەوانە کە ناوی (جیمس بارتلی) بوو لەبەر هێزی شەپۆلەکان کەوتە نێو دەریاچەکەو هاوڕێکانی پاش گەڕانێکی زۆر بەدوایدا نەیانتوانی بیدۆزنەوە. بەڵام پاش بێ ئومێد بوونیان ماسیەکی گەورە دەگرنو دوای لەتکردنی ورگی (جمیس بارتلی) پاش رۆژێك ونبوونی بەزیندووی لەنێو زگی ماسیەکە هاتە دەرەوەو بەهاوڕێکانی شاد بوویەوەو نووسەری ئەمریکش (کات سمیپ) ڕووداوەکەی تۆمارکردووە. ئەمەیە زانستی قورئان کە هەمیشە تا دوارۆژ هەر بەتازەگەریو نوێبوونەوە دەمێنێتەوە.

# لقی سۆرانی یەکێتی زانایان سمیناڕێك سازدەکات

**ڕاگەیاندنی لقی سۆران:** سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ١٩/١٠/٢٠١٠ لقی سۆرانی یەکێتی زانایان، بەهەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران، لەژێر ناونیشانی (تێڕوانینی ئیسلام بۆ پێکەوەژیانی ئاینەکان) بەئامادەبوونی زانایانی ئاینی، لەهۆلی بارەگای لقەکەمان سیمینارێکی کراوەی بۆ بەڕێز (مامۆستا مەلا مادح مەلا محمد بەرزێوەیی) سازکرد، کەتیایدا مامۆستای کۆڕگێڕ تیشکی خستە سەر گرنگی ئیسلام لەمەڕ پێکەوەژیانو، ڕێزگرتنی ئاینەکانو، ئاماژەی بەڕۆڵی کارای ئیسلام کرد، کە هەمیشە بەرامبەرەکەی لەگەڵ بیرو بۆچوونی جیاوازیشدا خوێندۆتەوەو، ڕێنمایی داوە لەڕێگای گفتۆو لێك تێگەیشتن بیرۆکەو ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان چارەسەر بکرێنو بەڵگەشی بەئایەتی (ادعُ إلى سبيلِ ربِّكَ بالحكمةِ والموعظةِ الحسنةِ وجادلهم بالتي هيَ أحسنُ إنَّ ربَّكَ هوَ أعلمُ بمن ضلَّ عن سبيلهِ وهوَ أعلمُ بالمهتدينَ) النحل ١٢٥ هێنایەوە. پاشان باسی ئاشتی خوازانەو پێکەوەژیانی ئاینەکان کرد لەکوردستان، کە هەمیشە جێگەی شانازیە لەگەڵ بوونی چەندین ئاینو، بیروباوەڕی جیاواز لە کوردستان ئاشتیو، تەبایی ئاینەکان شتێکی دڵخۆشکەرە بێ ئەوەی هیچ کۆنفرانسو، کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ بکرێ، کە ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ گیانی لێبوردەییو، یەکتر قەبوڵ کردن لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا. پاشان ئاماژەیدا بەگرنگی کۆنفرانسی (گفتۆو لێك تێگەیشتنی ئاینەکان) کە ساڵانە لەلایەن ڕێکخراوی جیهانی (سانتا ئیجدیۆ) دەبەستریو، ئەمساڵیش شاندێکی کوردی بەنوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان بانگهێشت کرابوو، کە لە هەرێمی کەتەلۆنیای سەر بە وڵاتی ئیسپانیا سازکرابوو، کۆڕگێڕیش وەك ئەندامێکی کارای شاندەکە بەشداریکردبوو، لەبەشێکی تری سمینارەکەدا، بە پیشاندانی چەندین وێنەی ڤیدیۆیی کۆنفرانسەکەی ئیسپانیا لەداتاشۆپێکدا کۆڕگێڕ سەرنجی ئامادەبوانی ڕاکێشاو، گرنگی سەفەرەکەی خستەڕوو، لەکۆتایشدا بەوەڵامدانەوەی چەندین پرسیارو سەرنجو تێبینی ئامادەبوان لەمەڕ بابەتەکە دەوڵەمەندتر کراو، سمینارەکە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاندو، بووە جێگەی خۆشحاڵی ئامادەبووانو، هیوای سەرکەوتنیان بۆ (مامۆستا مەلا مادح مەلا محمد بەرزێوەیی) خواست.

## لقی هەولێری یەکێتی زانایان سەردانی ناوچەی ١ی فەرمانبەران دەکات

ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣/١٠/٢٠١٠ بەڕێز مامۆستا شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان، لەگەڵ شاندی یاوەری، کە پێکهاتبوو لەکارگێڕو، ئەندامانی لق، سەردانی ناوچەی ١ی فەرمانبەرانی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستانیان کردو، لەلایەن بەڕێز ئاری فاروق نانەکەلی بەرپرسی ناوچە پێشوازیان لێکرا.

سەرەتا بەڕێز مامۆستا شێخ نیاز دێگەیی بەناوی خۆیو، سەرجەم کارگێڕو ئەندامانی لقەکەی، پیرۆزباییێکی گەرمی لێکرد، بەبۆنەی دەرچوونو، سەرکەوتنی بۆ کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستانو، هیوای سەرکەوتنو بەردەوامیان بۆ خواست بۆ زیاتر خزمەتکردنی تێکڕای هاوڵاتییان بەتایبەتیش فەرمانبەران.

لەلایەن خۆشیەوە ئاری نانەکەلی وێڕای سوپاسکردنیان بۆ ئەم سەردانە، تیشکی خستە سەر هەماهەنگی نێوان خۆیانو لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانو، ئاماژەی بەوەش کرد: کە ئێمە هەموو کاتێك چاوەڕوانی ئامۆژگاری دەکەین لە مامۆستایانی ئاینی.

## شاندەکا لقێ دهۆکی ئێکەتیا زانایان پشکداری دفەکرنا کونفرانسەکێ یاسایی کر

**لقی دهوك:** شاندەکێ لقامە بسەرۆکاتیا ڕێزدار مامۆستا مەلا ئەنەس، ڕێکەفتی ١٣/١٠/٢٠١٠، پشکداری کر دفەکرنا کۆنفرانسەکێ یاسایی، کو هاتبو ئامادەکرن ژلایێ کۆلیژا یاساو رامیاری، ل هۆلا ڕەوشەنبیری ل زانکۆیا دهوکێ.

جهێ ئاماژە بۆکرنێیە: ل ڤی کۆنفرانسێ یاسا ناسێت عیراقیو، تورکیو، لبنانیو، گەلەك وەلاتێن دی ئامادەبوون.

## لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان ناوچەکانی کەلار و کفری و دەربەندیخان بەسەردەکاتەوە

**دانا مەلا حەمەئەمین - گەرمیان:** لە سێ سەردانی مەیدانی جیادا، لەڕۆژانی ١٦ -١٧- ١٨/١٠/٢٠١٠ بەڕێز مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری، لێپرسراوی لقو، بەڕێزان مامۆستا ئیدریس ژاڵەییو، مامۆستا موحەمەد مەلا حەمەئەمینو، مامۆستا سەلام گەرمکیو، مامۆستا عمر فارس کارگێڕانی لقی گەرمیان، هەر سێ ناوچەی کەلارو، کفریو، دەربەندیخانی سەر بەلقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستانیان بەسەرکردەوە.

لەو سەردانانەدا بەڕێزان شاندی لقی گەرمیان لەچۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارو چالاکییەکانی ناوچەکانیان کۆڵیەوەو، ئەوەیان بۆ دووپاتکرنەوە: کە دەبێت ناوچەکانو مامۆستایانی ئاینی پارێزگاری کردن لە دینو، گەلو نیشتمان بە ئەرکێکی نیشتمانیو ڕێکخراوەیی بزانێتو، درێغی نەکەن لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵانی خەڵك بۆ ئەنجامدانی هەرکارێك کە بەرژەوەندی دینو گەلو نەتەوەکەمانی تێدابێت.

هەروەها لێپرسراوو کارگێڕانی لق، بەڵێنی هەموو جۆرە هاوکارییو، پێویستیەکیان داو، ستافی ناوچەکانیش خۆشحاڵی خۆیان بەو بەسەرکردنەوانە دەربڕیو، پێویستی ئەوجۆرە سەردانانەیان پێشنیاری لق کرد.

## لقی هەولێری یەکێتی زانایان بەشداری کردنەوەی تەکیەیێکی ناوشاری هەولێر دەکات

ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: سەر لەئێوارەی ڕۆژی ٢٢/١٠/٢٠١٠، شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایان، لەگەڵ شاندێکی یاوەریو، بەئامادەبوونی زۆرێك لەشێخانی تەریقەتو، مامۆستایانی ئاینیو، بەرپرسی دامودەزگاکانی حکومیو، حیزبیو، ڕیش سپیو، پیاو ماقوڵانی شاری هەولێرو دەوروبەری، بەشداریان کرد لەکردنەوەی تەکیەی شێخ محمد شێخ عبدالکریم دارەخورمایی، لەگەڕەکی توڕەق لەشاری هەولێر.

بەڕێز بەرپرسی لق، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ یەکێك لە ڕادیۆ ناوەخۆکانی هەولێر، هیوای خواست کردنەوەی تەکیەکان ڕوو لەزیاد بوون بکات، بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو، هەوادارانی تەریقەتو، پێگەیاندنی کەڵە پیاوانی ئاینی.

هەروەها ئاماژەشی بەوە کرد، کە تەکیەکان بەدرێژایی تەمەنیانەوە لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لەشاری هەولێر، خزمەتێکی بەرچاویان پێشکەش بەمیللەتی کورد کردووەو، ئێستایش بەردەوامن لەو خزمەتە، بۆیە ئێمە وەکو لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، ئامادەین بۆ هەر جۆرە هاریکارییو، پشتگیرییەك بۆ تەکیەکان، بەتایبەتی ئەو تەکیانەی کە تازە دەکرێنەوە.

## لقی سۆرانی یەکێتی زانایان ئامادەی ڕێورەسمی بەخاك سپاردنی تەرمی خوالێخۆشبوو (مەلا تەها قادر) سەرنەوسی دەبێت

بەرەبەیانی سێ شەممە ٢٦/١٠/٢٠١٠ بەیاوەری بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سۆران شاندێکی لقەکەمان کە پێکهاتبوون لەکارگێڕانو ئەندامانی لق بەئامادە بوونی نوێنەرانی دامودەزگا حیزبیو حکومیو ئیداریو پیاو ماقوڵانو جەماوەرێکی زۆری ناوچەکە بەشداری کرد لەڕێوەرەسمی بەخاك سپاردنی تەرمی خوالێخۆشبوو مامۆستا (مەلا تەها قادر خدر) لەگوندی سەرنەوسی سنوری ناحیەی وەرتێ. شایەنی باسە مامۆستای کۆچکردو خزمەتێکی بێ ووچانو خۆ بەخشانەی پێشکەش بەو دەڤەرە کردووەو وەك کارێکی ئاینی زیاتر لە ١٣ ساڵ بەبێ مووچەکاری پێش نوێژو وتارخوێنی کردووەو شەوی ٢٦/١٠/٢٠١٠ بەهۆی نەخۆشیەوە لەتەمەنی ٥٥ ساڵی کۆچی دوایی کرد.

جێی ئاماژە پێکردنە لەدوای ڕێورەسمی بەخاك سپاردنی خوالێخۆشبوو شاندی لقەکەمان لەمزگەوتی سەرنەوس بەشداری لەپرسەکەدا کردو هاوخەمی خۆیان بەبنەماڵەی خوالێخۆشبو ڕاگەیاند.

## لقی ڕانیەی یەکێتی زانایان بەشداری مەڕاسیمی کردنەوەی مزگەوتی باویان دەکات

**ڕاگەیاندنی لقی ڕانیە:** ڕۆژی ١٩/١٠/٢٠١٠ بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا دەروکۆتری بەرپرسی لقی ڕانیەو پشدەری یەکێتی زانایانی ئاینی بەشداری کرد لەمەڕاسیمی کردنەوەی مزگەوتی باویان، لەبناری قەندیل سەر بە ناحیەی ناودەشت، لەبۆنەکەدا کە زۆرێك لەبەرپرسانی حیزبیو حکومی ناوچەکە ئامادەبوون، مامۆستا عبداللەی دەروکۆتری وتەیەکی پێشکەش کردو، باسی لە ڕۆڵی مزگەوتو مامۆستایانی ئاینی کرد، کە هەمیشە خزمەتی ئاینو خەڵکیان کردووە لەهەرێمی کوردستانداو، دەست خۆشی لەو کەسانەیش کرد، کە لە دروستکردنی ئەم مزگەوتەدا بەشداریان کردووە، لەکۆتایشدا هیوای خواست کە مامۆستایانی ئاینی بەتەبایيو پەرۆشەوە خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن.

## مامۆستا مەلا مەحمودی باقوبەرەیی کۆچی دوایی کرد

**دانا مەلا حەمەئەمین - لقی گەرمیان:** سەرلەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩/١٠/٢٠١٠ مامۆستای ناودارو، ئاینپەروەر (مامۆستا مەلا مەحمود فەرەج ئەمین) ناسراو بە مەلا مەحمودی باقوبەرەیی لەتەمەنی حەفتاو هەشت ساڵیدا دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوتو کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا لەساڵی ١٩٣٢ ی زاینی لە گوندی باقوبەرەی سەر بەناحیەی مەیدانی قەزای خانەقین لەدایك بووە.

لەساڵانی ١٩٤٨ بۆ ١٩٦١ لە خزمەتی مامۆستای پایەبەرز مامۆستا مەلا کاکە حەمەی ڕەباتیدا خوێندویەتیو، ئیجازەی مەلایەتی وەر گرتووە.

لەڕووی ڕێکخراوەییشەوە ئەندامێکی کارای یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بووەو، لەکۆنگرەی چوارەمی یەکێتی زانایاندا، ئەندامی لیژنەی فەتوای لقی گەرمیانی یەکێتی زانایان بووە، لێبڕاوانەو لە خۆبوردوانە ئامادەی چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشە شەرعیو کۆمەڵایەتییەکانی سنوری گەرمیان بووە.

مامۆستا بۆ دواجار لە ١٩/١٠/٢٠١٠دا ماڵئاوایی لە زانایانو موسڵمانانو خزمو دۆستانی کرد.

شایانی باسە لقی گەرمیان بەو بۆنەیەوە ئامادەییەکی تەواوی پیشاندا لەکاتی بەخاکسپاردنی تەرمی مامۆستای خوالێخۆشبوداو، بەشدارییەکی بەرچاویان هەبوو لە پرسەی کۆچکردووودا، لەلایەن خۆیەوە بەڕێز مامۆستا مەلا حەمەئەمین کەلاری، ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیو بەرپرسی لقی گەرمیان، بەناوی سەرۆكو ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزیو زانایانی ئاینییەوە، پرسەو سەرەخۆشی گەیاندە بنەماڵەو کەسوکاری جەنابی مامۆستا مەلا مەحمودی باقەبەرەیی.

## لیژنەی فەتوای لقی سۆرانی یەکێتی زانایان کۆدەبێتەوە

**ڕاگەیاندنی لقی سۆران:** سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٢/١٠/٢٠١٠ سێشەممە، لیژنەی فەتوای سەر بەلقەکەمان بەئامادەبوونی تەواوی ئەندامانی لیژنە، کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا سەبارەت بەدەرچوونی بڕیاری حەڵاڵ بوونی (سلفەی عەقار) لەلایەن لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستانەوە، زانایانی لق وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆیان سەبارەت بەو بڕیارە بۆ ڕوونکردنەوەو حاڵی کردنی هاوڵاتییان لەمبارەیەوە چەند بڕیارێکیان دەرکرد:

١ - کۆپی کردنی دەقی بڕیاری فەتوای لیژنەی باڵاو، هاوپێچ لەگەڵ بڕیاری مەکتەبی تەنفیزیو، دابەشکردنی بەسەر سەرجەم ناوچەو ڕێکخراوەکانی سەر بەلقەکەمان.

٢ - ناردنی وێنەیەك لەکۆپیەکە بۆ سەرجەم دامودەزگا حیزبیو حکومییەکانی هەر چوار قەزای (سۆران، مێرگەسوور، ڕەواندز، چۆمان).

٣ - دابەشکردنی وێنەیەك لەکۆپیەکە بەسەر هەموو مامۆستایانی ئاینی سنووری لقەکەمان.

٤ - لەبەرواری دەرچوونی بڕیاری یەکلاکەرەوەی لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان سەبارەت بە (سلفەی عەقار)، بۆ هیچ مامۆستایەکی ئاینی نییە لەخۆیەوەو پێچەوانەی فەتوای لیژنەی باڵا فەتوا بداتو، خەڵکی توشی دوودڵی بکات.

ئەمەو لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا، هیوایان خواست کە سەرجەم مامۆستایانی ئاینی کوردستانو دەڤەرەکەمان پابەندی ڕێنماییو، بڕیارەکانی لیژنەی باڵای فەتوای کوردستانو، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بن لەپێناو خزمەتکرنی هاوڵاتییانی کوردستان

## لقی سلێمانی یەکێتی زانایان سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سلێمانی دەکات

ڕۆژی سێ شەممە بەرواری ١٢/١٠/٢٠١٠ شاندێکی لقی سلێمانی یەکێتی زانایان، کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان لێپرسراوو چەند کارگێڕێکی لق سەردانی بەڕێز کاك حاجی ئاکۆ بەڕێوەبەری ئەوقافی سلێمانی یان کرد، بەمەبەستی زیاتر هەماهەنگی لە نێوان زانایان و ئەوقافدا، لەبەرامبەردا بەڕێزیان سوپاسو پێزانینی خۆیان دەربڕی لە بەرامبەر سەردانەکەو، پشتوانیو هەماهەنگی خۆیان بۆ توێژی زانایان دوپات کردەوەو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن لە خزمەتکردنی ئاینو وڵاتدا.

### چەند مامۆستایەکی ئایینی ماردین سەردانی یەکێتی.... پ

سەرۆکی یەکێتی زانایان زۆر بە درێژی باسی بواری ئایینی هەرێمی کوردستانی بۆ مامۆستایانی میوان کرد، بەتایبەتی کۆلێژو پەیمانگاو خوێندنگە ئایینیەکانی هەرێمی کوردستانو، هەروەها ئازادی وتاربێژیو ڕۆڵی مامۆستایانیو، ژمارەو ڕێژەی مزگەوتو وێنی خواپەرستی لە هەرێمی کوردستان.

شاندی کوردانی ماردین زۆر خۆشحاڵبوون بەو کەشەی لەهەرێمی کوردستان ڕەخساوەو، زۆر دڵخۆشبوون بەوەی بە چاوی سەرە لەمەیدانی واقیعدا ئازادی بەشێکی خاکی کوردان دەبینن.

دواتر باس لەوە کرا، چۆن بەرنامەیەك دابنێن تا لەئاییندەدا، بتوانن پێکەوە ڕاگۆڕینەوەو کاری هاوبەشی هەمان شێوە بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن پردێکی بەتین لەنێوان هەرێمی کوردستانو کوردستانی تورکیا دروست بکەن.

دوای ئەوە شاندی ناوبراو بە یاوەری سەرۆکی زانایانو جێگری سەرۆك سەردانی هەر یەك لە پارێزگاری هەولێرو قوتابخانەی ئایینیو لقی هەولێری یەکێتی زانایانیان کرد.

## لقی سلێمانی یەکێتی زانایان سەردانی تەکیەو خانەقای حاجی شێخ قادری چوێسە دەکات

ڕۆژی سێ شەممە بەرواری ١٢/١٠/٢٠١٠ شاندێکی لقی سلێمانی یەکێتی زانایان کە پێکهاتبوو لەبەڕێزان لێپرسراوو چەند کارگێڕێکی لق سەردانی تەکیەو خانەقای حاجی شێخ قادری چوێسەیان کرد، لەلایەن بەڕێزان حاجی شێخ کامیلو کاك شێخ تاهیرەوە پێشوازیان لێکراو، خۆشحاڵی خۆیان بەسەردانی شاندی زانایان دەربڕی.

لەسەردانەکەدا شاندی لق پشتیوانیو برایەتیو یەك ڕیزی توێژی زانایانیان لەگەڵ توێژی شێخانی تەریقەت دوپات کردەوەو هیوایان خواست هەمیشە لەپشتیوانی یەکتری دابن بۆ خزمەتی ئایینی ئیسلامو گەلی کوردی موسڵمان.

## بەهەوڵێکی مامۆستایانی ئاینی لەدەربەندیخان قوتابخانە بنەڕەتییە تێکەڵەکان، پۆلەکانیان جیادەکرێتەوە

بەهەوڵی مامۆستایانی ئاینیو چەند کەسایەتیو ئەنجومەنەکانی شاری دەربەندیخان، لەسەرجەم قۆناغە بنەڕەتیەکان، پۆلەکانی کوڕانو کچان بڕیارە جیابکرێنەوە.

مامۆستا عادلی مەلا ساڵح وتارخوێنو پێش نوێژی مزگەوتی شافعی لەدەربەندیخان سەبارەت بەو هەوڵەیان بۆ کوردیوو گوتی "ئێمە وەك مامۆستایانی ئاینی لەکاتێکدا کارێك بزانین کێشەی زیاترە بۆ شارەکەمان تاسود لەگەڵ یەك کۆدەنگینو کۆبوونەوەی تایبەتی خۆمان ئەنجام دەدەینو لەڕێگەی خوتبەکانمانەوە ئاماژەی پێدەدەنین دواتر بەدواداچوونو هەوڵی بۆ دەدەین کە بەشێوەیەکی باش سودی هەمووانی تێدابێت چارەسەر بکرێت"، مەلا عادل زیاتر ڕوونی کردەوەو دەڵێت "دەبینین تێکەڵ کردنی کوڕانو کچان لەقوتابخانەکان لایەنی خراپەی زیاترە تاباشە، بۆیە لەمانگی دووی ئەمساڵەوە ئێمە لەهەوڵی ئەوەدابین جیابکرێنەوە سەرەتا لەخوتبەکانی هەینی باسمان کردو سەردانی بەڕێوەبەریتی پەروەردەی گشتی لەسلێمانی کرا، لەوکاتەوە تادوێنێ ١٣/١٠/٢٠١٠ سەردانی قائیمقامی شارمان کرد پاش گفتوگۆیەك بڕیاردرا سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتیەکان پۆلی کوڕانو کچان جیابکرێتەوە وەهەر لەسبەینێ کە ڕۆژی پێنج شەممە ١٤/١٠ دەکات بڕیاوایە کاری بۆ بکرێتو جیابکرێنەوە".

لای خۆیەوە سەردار فەقێ محەمەد قائیمقامی دەربەندیخان هەواڵەکەی پشت ڕاست کردەوە گوتی "بەڵێ کۆبوونەوەی لەو جۆرە کراوە لەسەر سیغەیەك ڕێکەوتین، بەڵام وردەکاریەکەی لای بەڕێوەبەری پەروەردەیە".

بەڕێوەبەری پەروەردە بەهەمان شێوە بۆ کوردیوو ڕایگەیاند "ئێمە بڕیارماندا لەزۆربەی قوتابخانە بنەڕەتییەکانی پۆلی حەوتو هەشتو نۆی ئەو کارە جێبەجێ بکەین جگە لەو قوتابخانانەی کە نسبەی کوڕ، یان کچی زۆر کەمە ئەوانیش بەشێوەی ئارەزوومەندانە داوایان لێدەکرێت بزانین حەزدەکەن جیابکرێنەوە ئێمە جیایان دەکەینەوە.

## لقی هەولێری یەکێتی زانایان سەردانی دامودەزگاکانی حیزبیو حکومیەکانی دەڤەری مەخمور دەکات

**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر:** سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٧/١٠/٢٠١٠ بەڕێز مامۆستا مەلا شێخ نیاز ڕاغب دێگەیی، بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، بەیاوەری بەڕێز کاك حاجی دەرسیم بەڕێوەبەری ئەوقافی دەوروبەرو، حاجی سالار، تێبینەری ئەوقافی مەخمور، شاندێکی یاوەری، کە پێکهاتبوون: لە کارگێڕو، ئەندامانی لق، لەسەر داوای تێبینەرایەتی ئەوقافی مەخموور، زۆرێك لە دامودەزگاکانی حکومیو، حیزبی ئەم دەڤەرە بەمەبەستی دانانی هەیکەلی نوێی ناوچەی مەخموری مامۆستایانی ئاینیو، دەست نیشانکردنی ستافی نوێی ناوچەی ناوبراو، بەڕاوێژ لەگەڵ سەرجەم دامودەزگاکانی ئەم دەڤەرە، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی ڕەزامەندی هەموو لایەکیان، سەردانی لقی (٢٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستانو، قائیمقامیەتی قەزای مەخمورو، ناوچەی مەخموری پارتیو، کۆمیتەی مەخموری یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو، ناوچەی مەخموری کۆمەڵی ئیسلامیان کرد.

شایەنی باسە هەریەك لە مامۆستا ئەحمەد کانی، بەرپرسی لقی ٢٣و، بارزان سید کاکە قائیمقامی قەزای مەخمورو، هەڤاڵ لەتیف سوور بەرپرسی کۆمیتەو، مامۆستا یەحیا مەلا کەریم بەرپرسی ناوچەی پارتی، مامۆستا موحسین سولەیمان بەرپرسی ناوچەی کۆمەڵ، خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەرامبەر ئەم سەردانەو، هیواشیان خواست ئەم جۆرە سەردانانە بەردەوام بێت، بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی ئەم دەڤەرە لە هەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتیش لەڕووی ئاینیەوە، وەئاماژەشیان بەوە کرد، کەبوونی ناوچەیەك لەم دەڤەرە تایبەت بەمامۆستایانی ئاینی، کاریگەری ئەرێنی دەبێت بۆ گشت چینو توێژەکانو، فاکتەرێکی سەرەکی دەبێت بۆ هەستکردن بەبرایەتیو تەباییو پێکەوە ژیان لەدەڤەرەکە.

لەلایەن خۆشیەوە مامۆستا مەلا شێخ نیاز دێگەیی، بەناوی خۆیو، شاندی یاوەریو، بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی دەوروبەر، زۆر سوپاسی هەموو دامودەزگاکانی ئەم دەڤەرەی کرد، بۆ ئەم پێشوازیە گەرمەو، تیشکیشی خستە سەر پێویستی پاڵپشتیو هاوکاری بەڕێزیان بۆ ئەوەی ناوچەی مامۆستایانی ئاینی بتوانن بە باشترینو، جوانترین شێوەو شێواز خزمەت پێشکەش بکەنو، سەرکەوتووبن لە کارەکانیان.

### مامۆستا مەلا ملاح بەرزێوەیی لەو کۆنگرەدا پەیامی.... پ

بەئاراستەیەك دەڕوات ڕەنگە گلەیی زۆری جەماوەری بەدواوە بێت، ڕاگەیاندن دەبێ ڕەنگدانەوەی خواستو حەزی کۆمەڵگە بێت، ئێستا ڕاگەیاندنی کوردی ساحەی ئایینی فەرامۆش کردووە، لە کاتێکدا زۆرینەی ئەو خەڵکە موسڵمانن، جا لەبەر ئەوەی شاندی ئایینی بووین، ڕەنگە ئەوە هۆکار بێت ڕاگەیاندنی کوردی بایەخی بەو سەردانە نەدا.

**شاندی ئایینی بووین ڕەنگە ئەوە هۆکار بێت ڕاگەیاندنی کوردی بایەخی پێ نەدات**

مامۆستا مەلا مادح بەرزوێوەیی گوتیشی: ئێمە وەك کورد پەیامی ئاشتەوایی کوردمان گەیاند، بەوەی کورد نەتەوەیەکی ئاشتی خوازەو کوردستانو پێکەوە ژیانی ئایینیو نەتەوەیش بەڵگەیە،بلسی ئەوەشمان کرد، کە کورد ئەوەی بەسەری هاتووە لە زوڵمو ستەمو مەینەتیو دەربەدەریو ئاوارەییو کیمیاباران، لەبەر ئەوە نەبووە، کە موسڵمانە بەڵکو لەبەر ئەوە بووە کە کورد بووە، یان لەبەر ئەوە نەبووە کە کورد ئاشتی ناوێ، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە، کە کورد خوازیاری ئاشتیەو دەیەوێ کێشەکانی لەچوارچێوەی ئاشتیەوە چارەسەر بکات، باسمان لەوە کرد کوردستان وەك لانکەی پێکەوە ژیان هیچ گرفتی نییە، لەکاتێکدا مەزهەبو ئاینو نەتەوەیی جیا جیاش هەن.

لەکۆتاییدا مامۆستای ناوبراو ئەوەشی گوت: کە ئەو جۆرە سەردانو بەشداریکردنانەی کورد لە کۆنگرە نێودەوڵەتیەکان دەسکەوتی گەورە بۆ نەتەوەی کورد، چونکە ئێمە پەیوەندی باشمان لەگەڵ نوێنەری وڵاتانی وەك: میسرو تونسو جەزائیرو یابانو نێجیریاو ئەمریکاو ئیتاڵیاو ئیسپانیا دروست کرد، کە لەگەڵ هەموشیان باسی کێشەی کورمان کردو پێمان ڕاگەیاندن کە پەیامی کورد هەمیشە ئاشتەواییە.

### یەکێتی زانایان پێشوازی لەشاندێکی فیدراسیۆنی.... پ

ئینجا هەردوولا کۆمەڵێك شتی هاوبەشیان تاوتوێکرد، لەوانە دروستکردنی پەیوەندیەکی باشو بەردەوام لەنێوان هەردوولا. شایانی باسە فیدراسیۆنی جڤاکی ئیسلامی کوردستانی لەئەوروپا ساڵی (١٩٩٩) لەئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا دامەزراوە، بە یەکەم دامەزراوەی نەتەوەیی دادەندرێت، کە کوردانی هەر چوار پارچە تێیدا هاوبەشن، ئێستا بارەگای سەرەکیان لەبرۆکسلی پایتەختی بەلجیکایە، کار دەکات بۆ ناساندنی دۆزی ڕەوای کوردو، هەروەها پارێزگاریکردن لە ناسنامەی نەتەوایەتیو موسڵمانێتی ئەو کوردانەی بۆ دەرەوە کۆچ دەکەن.

پەیام

خاوەنی ئیمتیاز
مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید
amalazada@gmail.com

سەرنووسەر
جەعفەر گوانی
٠٧٥٠ ٤٥٢ ٢٣٠٥
cefergwani@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
عەبدوڵڵا شێرکاوەیی
s_sherkaway@yahoo.com

ستافی کار
طیب زیارەتی
نەوزاد گەردی
طه شمس الدين

ناونیشان
هەولێر - شەقامی شەست مەتری
سێڕیانی ڕێگای موسڵ - بارەگای
مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان